# میراتی شووم: وێنەی کوردەکان لە کولتوری تورکیدا

# Grim Legacy: The Image of Kurds in Turkish Culture

Haidar KHEZRI*

**کورتەی تۆژینەوە:**

پێناسەی کوردەکان لە بەشێکی بەرچاو لە کولتوری تورکیدا وەکوو "ئەوانی دیکە" هاتۆتە ناساندن. کولتوری تورکی بۆ ئەم مەبەستە ناحەزترین وێنەهایەکی، وەکوو دێهاتی، مێشک سوک، ڕێگر، کلک دار، تورکی کیو، کەم دین، نامۆسلمان و هتد دژ بە کوردەکان، لە کونترین سەردەمەکانەوە تا کو ئەمرۆ بە کار هێناوە. ئەم تۆژینەوە لە قۆناغی یەکەمدا سەرچاوەی دەروونی بەدیهاتنی ئەم وێنانەی گەڕاندۆتەوە سەر ڕاپۆرتی چەکبەدەستان و ئەفسەرانی عەسکەری و هەروەها کاربەدەستان لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی و کۆماری تورکییە. وە لە قۆناغی دووەمیشدا، وە لە پرۆسەیەکی مێژوویيدا وە بە مێتۆدێکی بەراوردی، ڕۆلی کولتورەکانی فارسی و عەرەبی لە بەدیهاتن و پەرە پێدانی ئەم وێنە ناحەزە لە کوردان لە کولتوری تورکیدا شیکردۆتەوە و دەریبڕیوە کە چۆن بە جێبەجێ بوونی سەنتەری هێز لە فارسەکانەوە بۆ عەرەبەکان و پاشان بۆ تورکەکان، ئەو وێنانەش وەکوو میراتێکی شووم لە فارسەکان و عەرەبەکانەوە بۆ تورکەکان بەجێ ماون.

**وشەکانی دۆزینەوە:** وێنەی کوردەکان، ئەوانی دیکە، ناسنامە، کولتوری تورکی، ئەدەبیاتی بەراوەردکاری.

**ABSTRACT:**

Kurdish people have been described in mainstream Turkish culture as the «other», which stands in opposition to the Turkish «ego». Turkish culture has distorted the Kurdish image throughout history, and we see that process of distortion in Turkish proverbs, literature, art, cinema, etc., which often pictures Kurds as peasants, fools, thieves, miscreant, barbaric, devilish, hillbillies, etc. From an extra-Turkish perspective, this article connects the process of distortion of the Kurdish image in Turkish culture to the distortion of the Kurdish image in Persian and Arab cultures. It traces the transference of negative images from Persian culture to Arab culture, and finally to Turkish culture, as a legacy of the transference of power from the Persians to the Arabs and then the Turks. From an internal-Turkish perspective, the article also attributes a major share of the

* پرۆفسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکوی ماردین آرتوکلو، تورکیا

Assistant Professor, Department of Kurdish Language and Culture, Mardin Artuklu University, Turkey.
e-mail: haidarkhezri@artuklu.edu.tr

process of distorting the image of Kurds in Turkish culture to the political and military reports that were sent out to the Tiles of the Ottomans by Turkish military and administrative personnel present in the Kurdish areas.

**Keywords**: image of Kurds, the other, identity, Turkish culture, comparative literature.

## ١. پێشەکی

لە مێژووی پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی تورک و کورددا، یەکێک لەو بابەتانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام وەکوو خاڵێکی ڕەش ئاماژەی پێ دەکرێت، ڕوانگەی تورکەکانە سەبارەت بە کوردەکان. لە بەشێکی بەرچاو لە کولتوری تورکیدا لەسەردەمی عوسمانیەکان بەملاوە، وێنەیەکی ناحەز و ناشیرین لە کوردەکان کێشراوەتەوە. لە بەشێکی زۆری پەند و گاڵتە و شیعر و چیرۆکی تورکیدا، کوردەکان وەکوو مروڤانی کەم بیر و مێشک سوک، دێهاتی و گوندی و دانیشتوانی شاخ و چیا، بێدین و ڕێگر و هتد هاتوونە ناساندن. چاو خشاندنێک لە سەرچاوە فارسێکان و عەرەبێکان و لێکوڵینەوە سەبارەت بە وێنەی کوردەکان لەم سارچاوانەدا، ئەم ڕاستیە بە ڕوونی بۆ ئێمە دەردەخا کە سیاسەتی تورکەکان سەبارەت بە ناحەز نیشاندانی وێنەی کوردەکان لەم سەردەمانەدا، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە پەیوەندی دایە لەگەڵ سیاسەتی فارسەکان و عەرەبەکان. هەر بۆیەشە و بۆ ئەوەی کە ئێمە لە وێنەی کورد لە کولتوری تورکیدا باشتر تێبگەین، پێویستە کە لە پرۆسەیەکی تاریخێوە چاو لە بابەتی وێنەی کورد لە کولتوری تورکیدا بکەین. جیا لەمەش و وێڕای ئەوەی کە کولتوری کوردی کەمکەم دەروازەکانی خۆی بەرەو ئەدەبیاتی نوێی جیهانی ئاوەڵە دەکاتەوە و ئارشیوەکانی ئێمە پڕ لە مەبەست و وتاری تازە دەبن؛ پێویستە کە لە هەمان کاتیشدا ئاوڕدانەوەیەکی ئەکادیمی و نوێ هەبێت بۆ کولتور و مێژووی کۆن و سەردەمەکانی ناوەڕاست. بێگومان ڕێگا و مەسیری ئێمە لە لێکۆڵینەوەکانماندا سەبارەت بە کولتوری کوردی دەبێ زەمانی – واتە ئاوڕدانەوە بۆ کولتوری کۆن و کلاسیکی کوردی- و مەکانی – چاو لێکردن و کەڵک وەرگرتن لە کولتورەکانی جیهانی - بێت. جیا لەمەش و بە بۆنەی ئەوەی کە مێژووی ئێمە لە گەڵ مێژووی نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورک پەیوەندێکی قایم و ڕاستەوخۆی هەیە، پێویستە کە لە لێکوڵینەوەکانماندا شیوە و مێتودێکی بەراورەرد بەکار بێنین. لە کاتێکدا کە چەندین ساڵ لە مردنی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە واتای کۆن و کلاسیکیدا تێپەڕ دەبێت، (Spivak 2003) و ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە نێو نەتەوە پێشکەوتووەکاندا لە دایک بوونی خۆی لە واتای تازەدا جێژن دەگرێت، (Damrosch 2006; Melas 2007; Pizer 2007; Varsava 2007) بەداخێکی گرانەوە هێشتا ئەو بەشە گرینگە نەیتوانیوە جێ‌گایێ‌ک لە نێو زانکۆیەکانی کوردستان بۆ خۆی ئاوەڵە بکات. لەو تۆژینەوەدا هەوڵ دراوە تا ڕادەیەک لە مێتۆدەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری، بەتایبەت وێنەناسی (*Image Studies*) کەڵک وەرگیرێت.

## ٢. وێنەی کوردەکان لە کولتوری فارسیدا

لە سەرچاوە کۆنەکانی ئێرانی پێش ئیسلامدا، باسێکی تایبەتی بۆ کوردەکان تەرخان نەکراوە. هەر ئەمەش یەکێکە لە گرینگترین هۆیەکان بۆ بەشێک لە لێکوڵینەرانی فارس تا کوردەکان وەکوو یەکێک لەو تایفە و کۆمەڵانەی کە کۆچیان کردبوو بۆ ئێران، دابنێن و ناسنامەیەکی جیاواز لەوانیان بۆ دیاری نەکەن. کۆنترین سەرچاوەی فارسی کە ئاماژەی بە وشەی ”کورد“ کردووە، شاهنامەی فێردوسیە. وشەی کورد لە دوو جێگا لە شاهنامەدا بەکار هاتووە. یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەحاک و ئەوی تریان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەشیری بابەک کە لە گەڵ کوردان بە شەڕ هاتووە. فێردەوسی لە شاهنامەدا پاش ڕزگار بوونی تاقمێک لە خەڵکی لە دەست زەحاك و پەنا بردنیان بۆ چۆلگە و بیابان و کێو دەڵێت:

کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد که ز آباد ناید به دل برش یاد (فردوسی ۱۳۸۲, ۱ / ۲۸)

(کورد لە تۆوی ئەو کەسانە بەدی هاتووە، ئەوانە هیچ کاتێک یاد و بیرەوەری شار و ئاوەدانی بە دڵ و میشکیاندا نایە – واتا هەمیشە لە کێو و دەشت، ڕۆژگار دەبەنە سەر).

لە جێگایکیتریش لە شاهنامەدا کە پەیوەندی هەیە لە گەڵ شەڕی ئەردەشیری بابەک لە گەڵ کوردان، فێردەوسی ئاوا باس لە لەشکرەکە دەکات:

یکی لشکری کرد بد پارسی فزون تر ز گردان او یک به سی (فردوسی ۱۳۸۲, ۱ / ۱۱۹٤)

(لەشکری پارسەکان، پێکهاتبوو لەکوردان – واتە لە شوان و دێهاتیان – کە یەک بە سی لە لەشکری وی زیاتر بوو).

تاقمێک لەو کەسانەی کە لە وشەی کوردیان لە ناو سەرچاوە کۆنەکانی فارسیدا و هەروەها لەم دێرانەی شاهنامەدا کۆڵیوەتەوە، بیر و ڕایان وایە کە ئەم وشەیە بە واتای نەژاد و قەومی کورد نییە، بەڵکو بە واتای پیشە و کارە و هاومانا لە گەڵ شوان و گاوان و بیابانگەرد و چادرنشینە. ئەوان بۆ بەهێزکردنی بیر و ڕایان، ئەم بەڵگانەیان هێناوەتەوە: لە سەرچاوە کۆنەکان هەر کاتێک کە باس لە کوردەکان دەکرێت و وشەی کورد بە کار دەهێنرێت، مەڵبەندێکی تایبەتی بۆ ئەوان دیاری ناکرێت. تەنانەت ئەوان لە هەموو جێگای ئێراندا دەبیندرێن. (آکوپف ۱۳۷٦, ۲٤-۲٥) کەوایە وشەی کورد لە ئێرانی کۆندا بە واتای پیشە و کار هاتووە کە بە گشتی لە گەڵ هەوار و چادر و کێو و چیا پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی هەیە. (نفیسی ۱۳٦۱, ۱۰) لە بیروڕای ئەم توێژەرانەدا وشەی کورد بە مانای ڕەگەزێکی تایبەتی و جیاواز پێش لە ئیسلام وجوودی نەبووە، بە هۆی ئەمەی کە نەتەوەی کورد قەوم و تایفەیەکی جیاواز لە قەومەکانی ئێرانی نەبووە، دەنا دەبوو لە سەرچاوەکانی غەیری ئێرانی وەکو ئاشوری و کەلدانیدا ناوی کوردەکان هاتبایە. (آکوپف ۱۳۷٦, ۱۰) چاو خشاندنێک بە سەرچاوە فارسیەکانی پاش ئیسلامیشدا ئەم بیروڕایە تا ڕادەیەک بەهێزتر دەکات. (عوفی ۱۳٦۲, ٥۳۸-٥۳۹). بۆ نموونە وشەی کورد لە چەندانە لە شیعرەکانی نظامی گەنجەویشدا هەر بە واتای شوان و دانیشتوی دێهات هاتووە:

بود کردی ز مهتران بزرگ گله ای داشت دور از آفت گرگ (نظامی گنجه ای، هفت پیکر، ۱۳٦۳, ۲۷۳)

(کوردیک لە پیاوانی گەورە هە بوو؛ مێگەلە مەڕێکی هەبوو دوور لە بەڵا و ئافەتی گورگی).

هەروەها لەم دێرەدا:

کرد سحرانشین کوه نورد چون بیابانیان بیابان گرد (نظامی گنجه ای، هفت پیکر، ۱۳٦۳: ۲۷٤)

(کوردیکی بیابان نەشینی کێو گەرد؛ بیابانگەرد بوو، هەر وەکوو بیابان گەردەکان).

هەر لەبەر ئەمەشە کە لە بیروباوەڕی توێژەران کاتێک نظامی وشەی کورد بۆ دایکی بەکار دەبات، مەبەستی قەوم و نەتەوە نیە، بەڵکو مەبەستی پیشە و کارە:

گر مادر من رئیسەی کرد مادر صفتانە پیش من مرد (نظامی گنجه ای، لیلی و مجنون، ۱۳٦۳, ٤۹)

(ئەگەر دایکی من ئەو سەرۆکی کورد؛ وەکوو دایکێک لە کەناری من مرد).

ئەو تێکستەی کە ئیبنی حەوقەڵیش سەبارەت بە کۆچەرەکانی ئێران بەکاری هێناوە، ئەو بیروڕایە بەهێزتر دەکات: "ژمارەی تەواوی تایفە کوردەکانی نیشتەجێی فارس لە ٥۰۰ هەزار چادر تیپەر دەبێت. ئەوانە وەکوو عەرەبەکان لە زستان و هاویندا دەچنە هەواری". (ابن حوقل ۱۳٤٥, ۳٥) وشەی "راعی" عەرەبی لە چەندانە لە سەرچاوەکاندا لە کاتی وەرگێڕاندا کراوەتە وشەی "کورد". (سهلگی ۱۳۸٤, ٦٦) هەر لە بەر ئەوەشە کە لە بازە دیار و مەڵبەندێک لە ئێران هێشتا بە جێگای شوان و مەڕدار و خەڵکی گوند و دێهاتەکان دەڵێن "کورد". (مالمیر , ۱٦٦-۱٦۷)

ئەم واتایەی دێهاتی و کۆچەر و شوان بۆ وشەی کورد، بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە کولتوری ئەورۆی خەڵکی "گیلان"دا

دەکەوێتە بەر چاو. ئەو کارگەر و فەحلە کۆچەرانەی تورک زمان کە لە شارەکانی خەڵخاڵ و ئەردەبیل بۆ کار دەچنە شاری گیلان، پێیان دەوترێ کورد. پەندی پێشینیان و گاڵتە و زەربولمەسەلەکانی کە وشەی کوردیان تێدا بەکار هاتووە لە ئەدەبیات و کولتوری خەڵکی ئەو ناوچەیانەدا گەلێک لە بەر چاون. بە گشتی وشەی کورد لە کولتوری خەڵکی ئەو مەڵبەندانەدا بە واتەی کاری سەخت، کۆچەر، ئاژەڵداری پیس، مرۆڤی کەم هۆش و نەزان، دز، فەقیر و قەرەچی بەکار هاتووە. (غلامی, ٥٩٥-٦٠٣)

بە پێچەوانەی ئەم تاقمە لە نووسەران و توێژەرانەی فارس کە لەبەر هۆگەلێکی زیاتر جوگرافی، وشەی کورد بە واتای نەتەو و ڕەگەز دانانێن، تاقمێکی تر لە توێژەران بیر و ڕایان وایە کە وشەی کورد لە تەواوی سەرچاوەکانی کۆن و ناوەڕاستی ئێرانیدا بە واتای نەتەوەی کورد هاتووە. ئەوان بۆ بەهێز کردنی بیر و ڕای خۆیان هۆگەلێکی مێژوویی دیار و نادیار دەخەنە ڕوو.

بە وەبەر چاو گرتنی هەر یەک لەم بیر و ڕایانە، بومان دەر دەکەوێت، کە وشەی کورد –چ بە واتای ڕەگەز و نەتەوە هاتبێت و چ بە واتای پێشە و کار – لە کولتوری فارسیدا لە گەڵ دێهاتی و کۆچەر و شوان و گاوان و کەژ و چیا پەیوەندێکی یەکجار نزیک و بەهێزی هەیە. ئەو مانایە یەکەمین مانایە کە بۆ وشەی کورد لە کولتوری فارسیدا دەکەوێتە بەر چاو.

جیا لە واتای دێهاتی و شوان و کۆچەر و بیابانگەرد بۆ وشەی کورد لە سەرچاوە فارسیەکاندا، وشەی کورد بە واتای ئەحمەق و کەم بیر و کەم هۆش بەکار هاتووە. هەر وەکو "ئەردەوان" لە تاریخی تەبەریدا بەرامبەر بە ئەردەشیر دەڵێت: «ئەی کورد تەربیەت کراو لە چادری کورداندا، چ کەسێک ئیزنی داوەتە تۆ بۆ ئەو تاجەی وا لەسەرت ناوە ئەو موڵکەی وا بە دەستت هێناوە؟». (طبری، ۱۹٦٧, ۲ / ٣٩) لە بەشێک لە پەندی پێشینیانی فارسیشدا وا دەکەوێتە بەرچاو کە کەمترین پلەی زانست و بیر و هۆش تەرخان کراوە بە کوردان. بۆ وێنە پەندێک هەیە کە لە هێندێک لە سەرچاوەکاندا نیسبەت دراوە بە خەلیلی کوری ئەحمەد، و لە هێندێکی تر بە بابا تاهیری عوریان و یا بە ئەبوعەبدوللە ناویک، ئەویش ئەم پەندەیە: "أمسيت كرديا و أصبحت عروضيا يا أصبحت عربيا". (جامی ۱۳۷۰, ٣٢٥) شاعیری بە ناوبانگ مەولەوی ڕومیش ئەو دێرەی دە شیعرەکەیدا بەکار هێناوە:

سر أمسينا لكرديا بدان راز أصبحنا عربيا بخوان(مولوی ۱۳٦٨, دفتر اول، بيت ٣٤٦٥)

ئەو ڕستەیە بە گشتی بەو واتایەیە کە "ئێوارەم کردەوە دەحاڵێکدا کە کورد بووم، واتە هیچم نەدەزانی و بەیانیم کردەوە دەحاڵێکدا کە بووم بە عەرەب، واتە هەموو شتێک فێربووم». لەو دێرەدا وشەی کورد هاومانا لەگەڵ نەزانین هاتووە، بە پێچەوانەی وشەی عەرەبی کە هاومانا لە گەڵ زانست هاتووە. لە دیوانی مەولەوی ڕومیشدا لە جێگایەکی تریش کورد وەکوو «وشتر بان» هاتووە کە نەزان و کەم بیر و هۆشە. (مولوی ۱۳٦٨, دفتر دوم، ب ٦٦٤) وەکوو باس کرا، ئەمڕۆکەش یەکێک لە واتاکانی وشەی «کورد» لە کولتوری خەڵکی «گیلان»دا، کەم هۆشی و نەزانی و ئەحمەقایەتییە. بەم جۆرە دووەمین واتا لە وشەی کورد لە کولتوری فارسیدا تیکەڵ بووە لەگەڵ نەزانین و کەم هۆشی و ئەحمەقایەتی.

هێندێک لە لێکوڵێنەران سەرەتای ناشیرین کردنی وێنەی کوردەکان لە کولتوری ئیسلامیدا بە گشتی و لە کوولتوری فارسیدا بە تایبەتی، دەگەڕیننەوە بۆ سەر دەمی هەخامەنشیەکان (اخمینیین) و وەسیەتنامەی کەمبودیە (قمبیز) لە دژی مادەکان. (احمد محمود الخليل, ٨٢-٨٠) هەر لەو وەسیەت نامە دایە کە وشەی "مەجوسی" بۆ مادەکان بەکار هێندراوە و لە دواییدا بۆتە بە بەردی بناغە بۆ "ابليس" کردن و شەیتان نیشان دانی کوردەکان لە مێژووی کولتورەکانی فارسی، عەرەبی و تورکیدا. پەس کە وایە سێیەمین واتەیەک کە لە کوولتوری فارسیدا بۆ وشەی کورد بەکار هێندراوە، مەجوسییە.

بەم شێوە دەتوانین وا دەربڕین کە وێنەی کورد لە مێشکی کلاسیکی فارسیدا بە گشتی لە گەڵ دێهاتی و کێو و چیا و شوانەتی و کۆچەری و ئینسانانی کەم بیر و کەم هۆش و تەنانەت کەم دین و بێدین و مەجوسی پەیوەندی هەیە. ئەو وینە ناشیرینەی کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە کوردەکان کێشراوەتەوە، کاریگەرێکی قووڵی کردۆتە سەر کولتورەکانی عەرەبی و هەروەها تورکی لە سەردەمەکانی دواییدا. ئەم کاریگەریە کاتێک بۆ ئێمە باشتر دەردەکەوێت کە بزانین بەشی هەرە زۆری ناشیرین کردن و ناحەز نیشاندانی وێنەی کوردەکان لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی کولتوری عەرەبی-ئیسلامیدا لە دوای

ئیسلام، دەگەڕێتەوە سەر مەدرەسەکانی "یەمەن" و "حیرە" کە ماموستایانی ئەم مەدرەسانەش بە تایبەت لە دوو سەدەکانی ئەوەڵی هیجریدا یا فارس بوون و یا لە مەدرەسەی فارسیدا دەرسیان خۆیندبوو. (احمد محمود الخلیل ۲۰۱۲, ۸)

بەم شێوەیە ئەو وێنانەی کە لە کوردەکان لە نێو کولتوری فارسیدا کێشرابوونەوە، بە ڕووخانی ساسانیەکان، لە بەین نەچوون؛ بەڵکو ئەم وێنانە لە ڕێگاکانی جوراوجور –بۆ وینە لە ڕێگای مەدرەسەکانی "حیرە" و"یمن"- بۆ کولتوری عەرەبی بە میرات بەجێمان. فارسەکان لە تەواوی لایەنەکانی سیاسی و کولتوریدا بە شێوەیەکی بەرچاو و بێوەستان دژ بە کوردەکان ڕاوەستان و تا توانیان وێنەیەکی ناحەز و ناشیرینیان لێ کێشانەوە. ئەم جارە نۆرەی عەرەبەکان هات تا بە کەڵک وەرگرتن لە تەواوی وەسیلەکانی سیاسی، کومەڵایەتی، دینی و کولتوری دژ بە کوردەکان بوەستن.

## ۳. وێنەی کوردەکان لە کولتوری عەرەبیدا

بە لە ناو چوونی ساسانیەکان و هاتنە سەرکاری عەرەبەکان، وشەی "ماد"یش بە شێوەیەکی زۆر سرنجڕاکێش لە زیاتری سەرچاوە گرینگەکانی کولتوری عەرەبی-ئیسلامیدا ون بوو و وشەی کورد کە تا ئەم کاتە زۆر لەبەر چاو نەبوو، بە شێوەیەکی سرنجڕاکیش هاتە ناو سەرچاوە هەرە گرینگەکانی کولتوری ئیسلامی. مینۆرسکی کورد ناسی بەناوبانگ لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر کوردەکان لە نەوەکانی مادەکان نیین، پەس چ بەسەر نەتەوەیەکی ئاوا کۆن و بەهێزدا هاتووە؟ و ئەم هەمۆ قەبیلە و عەشیرەی کورد کە بە یک زمانی جیاواز لە خەڵکەکانی دیکەی ئێرانی قسە دەکەن لەکۆیرا هاتوون؟ (مینورسکی ۱۳۸۲) توێژەری ئەرمەنی، اشراک سافراستیان بەم شێوەیە آماژەی بەم وتارە کردووە: "وەکوو دەر دەکەوێت، پاشای ساسانیەکان ئەردەشیر، نێوی گوتی (*Guti*) وەرگێڕاوە بۆ وشەی کورد (*Kurd*) و مێژوونوسانی هەرە مەزنی ئیسلام وەکوو تەبەری و مەسعودی ئەم نێوەیان لە سەردەمی ساسانیەکانەوە بەکار هێناوە، تا ئەوەی کە بەو وێنەیە کورد (Kurd) گەویشتۆتە دەستی ئێمە". (سافراستیان ۲۰۰۷, ۲۳)

بە پێچەوانەی سەرچاوە فارسیەکان کە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بنچینە و ڕەگ و ڕەچەڵی کوردەکان ناکەن، سەرچاوە گرینگەکانی عەرەبی بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو باسی ڕەگ و ڕەچەڵی کوردەکانیان کردووە. ئەگەر ئێمە لە لێکوڵینەوەکانماندا لە بابەت بنچینەی کورد لە سەرچاوە فارسیەکاندا -بەهۆی ئەوەی کە ئەم سەرچاوانە باسێکی ڕاستەوخۆیان تەرخان بە ڕەگ و ڕەچەڵی کوردەکان نەکردووە – تووشی گرفت دەبین؛ هەمان گرفت و تەنگ و چەڵەمە داوێنی ئێمە لەبابەت لێکوڵینەوەکانماندا لە پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوە عەرەبیەکان دەگرێت، بەڵام ئەم جارە نە بە هۆی کەم بوونی بیر و ڕا سەبارەت بە کوردەکان و ڕەگ و ڕەچەڵیان، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە ئەم سەرچاوانە بیر و ڕایکی یەکجار زۆر و جیاوازیان سەبارەت بە کوردەکان و ڕەگ و ڕەچەڵی ئەوان هەیە.

بەشێک لەم سەرچاوانە کوردیان لە نەسلی ئیسفەندیاری کوری مەنوچێهر داناوە، واتە بنچینەی کوردیان گەڕاندۆتەوە سەر فارسەکان و ناسنامەیەکی جیاواز لە فارسەکانیان بۆ کوردەکان دیاری نەکردووە. تەنانەت بەشێک لەم سەرچاوە گرینگانە کوردیان وەکو "أعراب فارس» واتە فارسەکانی گوند و کێو و دەشت و چیا حسێب کردووە. (الآلوسی ۱۹۷۸, ۱۷ / ٦٧ - ٦٨)

بەڵام بە پێچەوانەی ئەم سەرچاوانە، هێندێک لە سەرچاوە عەرەبیەکانی دیکە بنچینەی کوردیان گەڕاندۆتەوە سەر ڕەچەڵی عەرەب. تەنانەت هێندێک لەم سەرچاوانە بیر و ڕایان وایە کە کوردەکان لە ڕەچەڵی عەرەبە قەحتانیەکانن و هێندێکی تر پێیان وایە کە کوردەکان لە نەژادی عەرەبە عەدنانیەکانن. هەر لە گەڵ ئەم بیر و ڕایەشدا، چەند دانە لە سەرچاوەکان کوردیان لە عەرەبەکانی گوند و دێهات ژماردووە کە بە هۆی بابەتانێکی جوراوجوری ئابوری و جوگرافی و هتد بوونەتە کێونشین و بیابانگەرد و کۆچەر و پەنایان بۆ شاخەکان و دەشتەکان بردووە. (مسعودی ۱۹۷۳, ۲ / ۱۲٤؛ الزبیدی ۱۳۰٦: مادە «کرد»؛ الخلیل ۲۰۱۲, ۱٤٦-۱۲۱). جاحیظ باس دەکا کە چۆن کوردەکان جارێک بە "اکراد العرب» واتە عەرەبەکانی گوند و دەشت؛ و هێندێک جاریش بە «اعراب العجم» واتە فارسەکانی دەشت و چۆلگە دادەندرێن(الجاحظ

۱۹۷۹, ۱ / ۷۱). جیا لەمەش هێندێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە تاقمێک لە موسوڵمانەکان، بە جێگای خویندنەوەی ئایەتی قورئانی «الأعراب أشد كفرا و نفاقا» وتویانە «الأكراد أشد كفرا و نفاقا». (الحموی ۱۹۹۰, ۳ / ٤۲٦) بەکارهێنانی وشەی أکراد بە جێگای اعراب کە بە واتای عەرەبەکانی دەشت و بادیە و بیابانە، و هەروەها ئاماژە کردن بۆ وشەگەلێکی وەکوو «أعراب العجم» و «اكراد العرب» سەبارەت بە کوردەکان لە گرینگترین سەرچاوەکانی کولتوری عەرەبیدا، بە تەنیایی ئەوە دەسەلمێنێت کە وشەی کورد لە کولتوری عەرەبیشدا وەکوو کولتوری فارسی، پەیوەندێکی یەکجار ڕاستەوخۆ و بەهێزی هەیە لە گەڵ کیو و دەشت و بیابان و چۆلگە. بەڕوونی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە سەرچاوەی ئەم وێنەیە لە کوردەکان دە کولتوری عەرەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری فارسی، هەر وەکوو باسمان کرد کە چۆن وێنەی کورد و یەکەمین واتا لە وشەی کورد لە کولتوری فارسیدا لە گەڵ بیابانگەردی و کێو و چیا و کۆچەری تیکەڵ بووە.

لە مانایەکیتر بۆ وشەی کورد لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا، کە بە بڕوامان کولتوری عەرەبی لە کولتوری فارسی وەرگرتووە، دەبینیین کە کورد بە کەم هۆش و نەزان و خەرفاو دادەندرێت. ئەم وێنەیە لە کوردەکان لە فەتواکانی ئیبنوتەیمیەدا بە ڕوونی وەدیار دەکەوێت. ئەو واتایە لە وشەی کورد، ئەوەندە قایم و بەرچاو بووە کە ئێستاش هەر لە بازە شۆن و مەڵبەندێکی عەرەبی دەوترێت: «هل تستكردني؟» واتا ئایا بە شێت و کەم بیر و هۆشم دەزانی؟(الخلیل ۲۰۱۲, ۲۳۳ - ۲٤۰)

ئەم سەرچاوە هەرە گرینگانەی کولتوری عەرەبی-ئیسلامی قەناعەتیان هەر بەوەندەی نەکردووە کە کورد لە ڕەچەڵی فارس و یا عەرەب دابنێن. بەڵکوو بەشێک لەم سەرچاوە عەرەبیانە ئاماژەیان بەمە کردووە کە کوردەکان بە ڕەگەز دەچنەوە سەر نەسلی نوحی نەبی. (الآلوسی ۱۹۷۸, ۱۷ / ٦۷ - ٦۸) ئەو شتەی کە لێرەدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر خۆی نیشان دەدا، بیر و ڕای هێندێک لەم سەرچاوانەی کولتوری ئیسلامیە سەبارەت بە بنگە و ڕەچەڵی کوردان. لە بەشێک لەم سەرچاوانەدا کورد نەتیجەی تێکەڵ بوونی جندۆکە لە گەڵ کەنیز و قەرەواشەکانی سولەیمانی نەبییە. (الاصبهانی ۱۹۷۰, ۱ / ۱٦۰) لە بەشێکی تر لەم سەرچاوانەشدا کوردەکان وەکوو مناڵانی جاریە و خزمەتکارەکانی سولەیمانی نەبی باسیان لێکراوە کە لە گەڵ شەیتان –و تەنانەت ناوی شەیتانەکەش کە جەسەدە- زینایان کردووە. (الزبیدی ۱۳۰٦, مادە کرد) هەر لە بەر ئەو هۆیەش سولەیمانی نەبی فەرمانی داوە کە «أكردوهم إلى الجبال» واتە ڕەوانەی شاخەکانیان کەن. ئەگەر چی ئەم سەرچاوانە کوردەکانیان نیوە مرۆڤ و نیوە جن یا نیوە شەیتان حسێب کردووە، هێندێکی تر لەم سەرچاوانە کوردەکانیان هەر بە تەواوی لە نەسلی مرۆڤ بردۆتە دەر و دەریان بڕیوە کە کوردەکان بە تەواوی جندۆکانێکن کە خوداوەند پەردەی لە سەر لابردوون. (الاصبهانی ۱۹۷۰, ۱ / ۱٦۰؛ الخلیل ۲۰۱۲, ۱۹۱ - ۲۰۳)

بە بڕوای ئێمە ئەم وێنەی سێهەمیەش کە لە کوردەکان کێشراوەتەوە و کوردەکان وەکوو مناڵانی شەیتان دادەنێ، لە کولتوری فارسێوە بە میرات بۆ کولتوری عەرەبی بەجێماوە. تەنیا پێویستە ئێمە لە بیرمان مابێت کە چۆن لە سەردەمی هەخامەنەشیەکان و بەتایبەتی لە سەردەمی کەمبودیەیدا (قەمبیز) مادەکان – واتە کوردەکان – بە مەجوسی و بێبڕوایان ناویان لێدەبردرا. پەس کەوایە بە گشتی دەتوانین وا دەربڕین کە وێنەی کورد لە کولتوری عەرەبیشدا وەکوو کولتوری فارسی و بەڵکو بە هۆی کەوتنە بەر کاریگەری کولتوری فارسی، لە گەڵ دێهاتی و کۆچەری و ئێنسانانی کەم بیر و کەم دین و بێدین و شەیتانی تیکەڵ بووە. ئەم وێنەیەش بە نۆبەی خۆی لەگەڵ گۆزرانەوەی تەختی خەلافەت لە عەرەبەکانەوە بۆ تورکەکان، هاتۆتە نێو کولتوری تورکی. عەرەبەکانیش بە نۆبەی خۆیان ئەو ئەمانەتە شوومەی کە لە فارسەکانیان وەرگرتبو، بە تورکەکانیان سپارد.

**٤. وێنەی کوردەکان لە کولتوری تورکیدا**

بە چاو خشاندنێک بەسەر مێژووی کولتوری تورکیدا ئەم ڕاستیە بۆ ئێمە بەڕوونی وەدەر دەکەوێت کە سەرچاوەکانی تورکیش بە شێوەیەکی یەکجار بەربڵاو باسی کوردەکانیان کردووە. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بۆ وێنەی کوردەکان لە پەندی پێشینیانی تورکی، گاڵتە و جەفەنگی تورکی، چیرۆک و ڕۆمانی تورکی و هتد بکەین. لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانەدا وێنەهایەکی ناشیرین لە کوردەکان کێشراوەتەوە کە بە بڕوای ئێمە هێندێک لەوان بە میرات لە کولتورەکانی عەرەبی و فارسی وەرگیراون و هێندێکی تریان

تایبەت بە خودی کولتوری تورکین. بە پێچەوانەی ئەم وێنە ناشیرینانە، لە هێندێک بابەتدا ئێمە دەتوانین وێنەهایەکی باش و جوان لە کوردەکان لە ئەدەبیات و کولتوری تورکیدا ببینین. هۆی مەسەلەکەش ئەمەیە کە لە بازە جێگایەکدا نووسەرەکان لە بنگەوە کوردن و لە هێندێک شوێنی تر هۆی ئەمەیە کە بە چاوێکی مرۆڤانە ڕووانیویانەتە کوردەکان.

لە کولتوری تورکیشدا و بەکاریگەری لە کولتورەکانی عەرەبی و فارسی، وێنەی کورد لە گەڵ دەشت و چۆلگە و بیابان و شاخ و چیا هاتووە. لە پەندی پێشینیانی تورکیدا خوا کوردەکانی خوڵقاندووە بۆ ئەوەی کە چیاکان و دەشتەکان چۆل نەمیننەوە:

(Allah Kürtleri yaratmış dağlar hali kalmasın diye)

"خوا کوردەکانی خوڵقاند بۆ ئەوەی کە چیاکان چۆل نەمیننەوە".

تەنانەت ئەو پەیوەندییە بەینی کورد و چۆلگە و کێو و دەشت لە کولتوری تورکیدا ئەوەندە قایمە کە کوردەکان ناتوانن بێ شاخ و چیا و دەشت و سەحرا زیندوو بمێننەوە. ئەم وێنەیە هەروەها کاریگەرێکی قووڵی کردۆتە سەر چیرۆک و ڕۆمانی تورکی لە سەردەمەکانی دواییدا. لە بەشێکی زۆر بەرچاو لە ڕۆمانەکان و چیرۆکەکانی تورکی تەنانەت تا کۆتایی سەدەی بیستەمیش شار و مەڵبەندی کوردەکان وەکوو مەڵبەندێکی چۆلگە و پڕ لە مەترسی ناسێندراوە کە کاروانیک لەوێوە تێپەڕ نابێت و جێگایەکە پڕ لە ڕێگر و دز. هەر وەکوو **شەمسەددین اونال** لە ڕۆمانەکەیدا "*Yukarışehir*" وێنەی شاری الازی (Elazığ) کە لەو سەردەمەدا لە ژێر چاوەدێری کوردەکان بوو، وەکوو مەڵبەندێکی چۆلگە و دوور لە شارستانیەت کێشاوەتەوە. (Ünal ۱۹۸۶, ۸۵)

جیا لەم وێنانەی کە مەڵبەندی ژیانی کوردەکان وەکوو چیا و دەشت و چۆلگە نیشان دەدەن؛ وێنەهایەکی تریش لە بەر دەست دانە کە کۆمەڵی کوردەکان وەکوو کۆچەر و خەڵکی دێهات و تەنانەت دۆم و قەرەچی دەناسێنن. پەیوەندی نێوان دۆمەکان و کوردەکان گەلێک قایم و بەهیزە، دۆمەکان تەپڵ و تووزەلە و زوڕنا لێدەدەن و کوردەکان هەڵ دەپەڕن:

(Çingene çalar, Kürt oynar)

"دۆمەکان لێی دەدەن، کوردەکان پێی هەڵ دەپەڕن".

نموونەهایەکی زۆر لەبەر دەست دانە کە نیشان دەدەن چۆن وینەی کوردەکان لە کولتوری تورکیدا بە شێوەیەکی بەرچاو وەکوو کۆچەری و گوندی و کێوی ئاماژەی پێ دەکرێت. وەکوو دەزانین کوردەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بە تورکانی کێو ناویان لێدەبردرا. بە بڕوای ئێمە ئەو وینەیەش کە لە کولتوری تورکیدا لە کوردەکان کێشراوەتەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تا ڕادەیەک کەوتۆتە بەر کاریگەری کولتورەکانی عەرەبی و فارسی.

لە بەشێکیتر لە کولتور و ئەدەبیاتی تورکیدا بە چاو لێکەری و هەروەها کەوتنە بەر کاریگەری کولتورەکانی عەرەبی و فارسی، کوردەکان وەکوو مرۆڤانێکی ئەحمەق و کەم هۆش و خەرفاو دەناسێندرێن کە هیچ شتێک نازانن. بۆ وێنە چاو لەم پەندە پێشینیانەی تورکی بکەین:

(Kürtler ne bilmiş?)

"کورد چ دەزانێ؟ - واتا هیچ نازانێ -."

یا وەکوو ئەم پەندە تورکیە کە ئاماژە بەمە دەکات کە لە نێو کوردەکاندا مرۆڤی ئاقڵ هەر پەیدا نابێت:

(Kürt kısmında akıllı olmaz).

«دەنێو کوردەکاندا مرۆڤی ئاقڵ هەر نییە. «

بەڵام بەشێکی زۆر لەم پەندە پێشینیانەی تورکی بەوەندەیان قەناعەت نەکردووە؛ بەڵکو کوردیان هێناوەتە هاوڕیز و

هاوتەرازی چۆارپێ و ئاژەڵ. بۆ وێنە:

(Allah Kürt kısmını yaratmasaydı, eşeklere baha biçilmezdi).

«ئەگەر خودا کوردی بەدی نێهینابایە، بەهای کەر زۆر دەچۆ سەر.»

تەنانەت لە بازە جێگایەکیشدا کوردەکانیان لە کەر کەمتر داناوە:

(Eşeğe Kürt demişler, eşek kırk yıl yem yememiş).

«بە کەریان وت کە کوردی، کەر - لە حەیفان واتە مانی گرت – چل ساڵ جۆی نەخوارد.»

مەسەلەی بە کەم بیر و هۆش دانانی کورد و تەنانەت هاوڕیز ژماردنیان لە گەڵ ئاژەڵ و چۆارپێ، بە شێوەیەکی بەرچاو لە کولتوری تورکیدا دەکەوێتە بەر چاو. تەنانەت تا سەردەمەکانی نزیکیش، کوردەکانیان مرۆڤانێک خەیاڵ دەکرد کە کلکیان هەیە. ئەو وێنەیە تا ڕادەیەک بەهێز بوو کە کاریگەرێکی قووڵی کردبۆ سەر چیرۆک و ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم. بەکر فەهری(Bekir Fahri) لە ڕۆمانەکەیدا "*Jönler*" ئاخاڤتنی ئەرمەنێک لەگەڵ تورکیک ئاوا دەگێڕێتەوە، ئەرمەنییەکە بە تورکەکە دەڵێت: "ببورە کە زۆر ڕووڕاست قسان دەکەم. ئێوە ئەم کوردانە بە چی حسێب دەکەن، ئەمانە ئینسانن؟ حەیوانن، ئەمانە چن؟ (Fahri 1985, 104) یا بۆ وێنە حوسێن بەیاز (Hüseyin Beyaz) لە چیرۆکەکەیدا *Köroğlu-Antep* ئاوا وێنەی کوردەکان دەکێشێتەوە: چاو لەم کوردە بکە، قامکەکانی وەکوو هارۆ، ئانیشکی وەکوو شاخی دارە چنارە،. . . ئەو کوردە بە قوربانی ئەو ئەسپەی بێت کە سواری دەبێت، چۆنکە ئەو ئەسبە حەیوانێکی نەجیبە بەڵام کوردەکە نا. . . .

یەکێک لە نیشانەکانی تێ نەگەیشتن و نەزانی کورد، مەسەلەی نەزانینی زمانە. کوردەکان لە بەشێکی هەرە بەرچاوی ئەو پەندانەدا وەکوو کەسانێک پێناسە کراون کە زمان نازانن و هیچ پەیوەندێکیان لەگەڵ شارستانیەت نییە:

(Dil bilmez Kürtler; Yol bilmez Kürtler; Dili dönmez Kürt).

هەر سێ دانە لەم پەندە تورکییانە بە واتای ئەمەنە کە کوردەکان زمان نازانن و تەنانەت لە پێشکەوتویی و شارستانیەت هیچ حاڵی نابن. ئەو مەسەلەی نەزانینی زمان بە شێوەیەکی یەکجار بەرچاو لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم بەکار هێندراوە. بۆ وێنە دورسان ئەکچام (Dursun Akçam) لە ڕۆمانی "*Zozan*" دا و دێمیر جیهون (Demir Ceyhu) لە "*Yılanı Öldürmek*"دا باس لەمە دەکەن کە چۆن کوردەکان لە بەر نەزانینی زمانی تورکی دەکەونە بەر تەنبێ بوون و لێدان. پەس بەم شێوەیە دەبینین کە دوویەمین وێنەیک کە لە کوردەکاندا لە ئەدەبیات و کولتوری تورکیدا کێشراوەتەوە؛ وێنەی مرۆڤانێکی کەم بیر و کەم هۆشە کە زمان نازانن و دوور لە شارستانیەتن. ئەو وێنەیەش تا ڕادەیەکی بەرچاو و بە وێنەی میرات لە کولتورەکانی عەرەبی و فارسی ڕا هاتۆتە ناو کولتوری تورکی.

یەکێکی تر لەو وێنە ناحەزانەی کە لە کوردەکان لە کولتور و ئەدەبیاتی تورکیدا کێشراوەتەوە، پەیوەندی هەیە لە گەڵ مەسەلەی دین. لە بەشێک لە کولتوری تورکیدا کوردەکان وەکوو مرۆڤانیکی بێ دین پێناسە کراون. لە بەشێکیتردا سەرچاوە تورکیەکان دانیان بەمەدا هێناوە کە کوردەکان موسوڵمانن، بەڵام دەریان بڕیوە کە موسوڵمانانێکی بە ڕاستەقینە نین. واتە کەمترین پلە و پایەی موسوڵمانەتیان بۆ کوردەکان تەرخان کردووە. بۆ وینە:

(Gavurla karşılaştırdığımda Kürt Müslümandır).

«کورد تەنیا وەختێک موسوڵمانە کە بەراورد بکری لە گەڵ گاور.»

بەڵام ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی زۆر بەهێزتر و ناشیرینتر لە چەندانە لە پەندەکانی تورکیدا نیشان دراوە، بۆ وینە ئەو پەندەی خوارەوە:

(Kürt ile itin Allah'ı birdir).

«خودای کورد و سەگ یەکە.»

واتە کورد هاوردراوتە ڕیزی سەگ کە لە کولتوری ئیسلامیدا حەیوانێکی نەجس و پیسە. بەهەمان ئەندازەی کە سەگ لە خودا دوورە و هیچی لێ نازانێت، بەهەمان شێوەش کورد لە خودا دوورە و هیچی لێ نازانێت. بە بیر و ڕای ئێمە ئەم وێنەیەش درێژەی هەمان وێنەیە کە لە کولتوری فارسیدا بە وێنەی مەجوسی و لە کولتوری عەرەبیدا بە وێنەی شەیتان لە کوردەکان کێشراوەتەوە.

بەڵام جیا لەم وێنە ناشیرین و ناحەزانەی کە لە کوردەکان لە کولتوری تورکیدا کێشراونەتەوە، پێویستە ئاماژە بەمە بکەین کە دەتوانین هێندێک وێنەی جوانیش لە کوردەکان لە چیرۆک و ڕۆمانی تورکیدا ببینین. هێندێک لە هۆیەکانی ئەم بابەتەش لە بەر ئەمەیە کە نوسەرەکان لە بنگەوە کورد بوون. بۆ وێنە یاشار کەمال (Yaşar Kemal) لە ڕۆمانی “*Karıncanın Su İçtiği Yer*”دا وێنەیەکی جوان لە کوردەکان دەکێشێتەوە و باس دەکات کە چۆن ژنانی کورد چەکدارێکی تورکیان پاش ئەوەی کە لە زیندانی ڕووسەکان هەلاتپوو؛ لە ڕەق هەڵاتن ڕزگار کرد. (Kemal 2002, 135) جیا لەمەش، هێندێک هۆی دیکە هەنە کە یەکێک لەمانە مەسەلەی دین بووە. بو وێنە "نامیک کە مال" (Namık Kemal)هەرچەند بیروڕای باش و جوانی سەبارەت بە کوردەکان نییە، بەڵام لە ڕۆمانەکەیدا لە ژێر نێوی «جێزمی» (*Cezmi*)وێنەیکی باش لە کوردەکان دەکێشێتەوە؛ وەختێک کە کوردەکان لای عوسمانی سوننیەکان بوون و دژی سەفەویە شیعەکان بەشەڕ دەهاتن. هەر لەم ڕۆمانەش دایە کە وێنەیەکی جوان لە سەلاحەددین دەکێشێتەوە و بە کوردی دەزانێت و بە پێشەوا و سەرداری لە قەڵەم دەدات. (Kemal ۱۹۶۳, ۴۱) بەڵام بە ئاشکرایی دیارە کە ئەم وێنە جوانە بە هۆی ئەمە کێشراوەتەوە کە کوردەکان لایانگری دەسەڵاتی عوسمانیان کردووە. دەنا بە گشتی نووسەر بیروڕایەکی جوانی سەبارەت بە کوردەکان نییە. هێندێکی دیکە لە نووسەرانی تورک لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە ڕوانیویانەتە کوردەکان. هەر لە بەر ئەوەشە کە وێنەیەکی جوانیان لە بەشێک لە بەرهەمەکانیاندا تەرخان کردووە بە کورد. بو وێنە ئورهان کەمال (Orhan Kemal لە “*Nurettin Şadan Bey ve Fakir Baykurt’un Casım*” و کەمال تاهیر(Kemal Tahir) لە “*Bir Mülkiyet Kalesi*” و هەروەها عوسمان شاهین (Osman Şahin) لە “*Özlü Hamurlar*”دا وێنەهایەکی باشیان لە کوردەکان کێشاوەتەوە. بۆ نموونە عوسمان شاهین ئاوا لە سەر کوردەکان وەجواب دێت: "ئایا کەسێک بۆ ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکات، ئەو نانەی کە دەیخوات، ئەو ئاوەی کە دەیخواتەوە، چکۆلە دەکرێتەوە؟ لێی دەدرێت؟ ئایا بۆ ئەو جل و بەرگەی کە دەبەریان دەکات، ئاداب و ڕسومێک کە بڕوای پێیان هەیە، گاڵتەی پێ دەکرێت؟» *Şahin 1984, 63))*

لە کۆتایی مەسیری درێژ و یەکرەنگی وێنەی کوردەکان لە کولتوری نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورکدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕی، کە ئێمە لە چ ڕوانگەیەکێوە دەبێت بڕوانینە وێنەی کورد لە کولتوری تورکیدا؟ بە بڕوای من ئێمە دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە بڕوانینە بابەتی وێنەی کوردەکان لە کولتوری تورکیدا. ڕوانگەیەکی تایبەتی کوردی-تورکی ئەمرویی و ڕوانگەیەکی گشتی کوردی – فارسی، عەرەبی، تورکی سبەینی.

لە ڕوانگەی یەکەم، ئەو شتانەی کە دەبێت لە تۆژینەوەکانماندا سەبارەت بە وێنەی کورد لە کولتوری تورکیدا بیخەینە بەر چاو، ئەم دوو بابەتەیە: یەکێکیان، بەشێکی زۆر لەم وێنە ناحەزەی کە لە کولتوری تورکیدا لە کوردەکان کێشراوەتەوە وەکوو میراتێکی شووم و پیس لە کولتورەکانی فارسی و عەرەبێوە هاتۆتە ناو کولتوری تورکی. قامکی ڕەخنەی ئێمە دەتوانێت لە قۆناغی یەکەمدا بۆ کولتورەکانی فارسی و عەرەبی، و پاشان بو کولتوری تورکی درێژ بکرێت. بابەتی دووەمیش ئەمەیە کە بەشێکی بەرچاو لەم وێنە ناشیرینەی کە لە کولتوری تورکیدا تەرخان کراوە بە کوردەکان، لە بنگەوە دەگەڕیتەوە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و ڕاپۆرتی چەکبەدەستان و ئەفسەرانی عەسکەری و هەروەها کاربەدەستانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی و کۆماری تورکییە. ئەم ڕاپۆرتانە کاریگەرێکی قووڵیان کردۆتە سەر ناحەز نیشان دانی وێنەی کوردەکان لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەمی تورکی. کە وایە ئێمە دەتوانین لە قۆناغی یەکەمدا دەسگاکانی سیاسی و حکوومەتی ئەو سەردەمە بە بەرپرسیاری ناحەز نیشان دانی وێنەی کوردەکان بناسێنین و پاشان کولتور و ئەدەبیاتی تورکی. وەبەر چاو

خستنی ئەم دوو خاڵە دەتوانێت کەمێک لە قورسایی باری کێشەی کوردەکان و تورکەکان لەم بابەتە گرینگەدا کەم کاتەوە و هەنگاوێکی بچووک بێت بۆ بەهێزتر کردنی پرۆسەی گەیشتنی کوردەکانی باکوور بۆ بەشێک لە مافە سەرەتایەکانیان و هەروەها بۆ سیفر کردنی گرفتەکانی نێوخۆی تورکییە، پێش سیفر کردنی گرفتەکانی دەرەوەی.

لە ڕوانگەی دووەمەوە، کاتێک چاو لە وێنەی کورد لە گرینگترین سەرچاوەکانی کولتوری ئیسلامی، پێکهاتو لە فارسی و عەرەبی و تورکی دەکەین، بۆمان وەدەر دەکەوێت کە ئەو سێ کولتورەی کە بە درێژایی مێژوو لە گەڵ کورد پەیوەندیان هەبووە، تا چ ڕادەیەک لە بەرابەری کورددا سیاسەتێکی یەک گرتوو و یەک شێوەیان بە کار هێناوە. لەم تۆژینەوەدا وا بۆ ئێمە دەردەکەوێت کە ئەو سیاسەتەی فارسەکان دژ بە کوردەکان دایان ڕشبوو، بە ڕووخانی ساسانیەکان و هاتنە سەرکاری عەرەبەکان، درێژەی پێدرا و لە دوا قۆناغیشدا عوسمانییەکان ئەو سیاسەتەیان لە عەرەبەکان بە میرات وەرگرت و تا ئەمرۆش هەر دژ بە کوردەکان بەکار دەهیندرێت. ئەم بیر و ڕایە یەک گرتوویە و یەک شێوەی کە کولتورەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی دژ بە کوردەکان بەکاریان هێناوە – چ بێ پروگرام بێت و چ پروژەیەکی دارێشتراو بێت – لە مەسیری دوور خستنەوەی کوردەکان لە بڕوا پێهێنان و دامەزراندنی نەتەوە – حکوومەتی کورددا بەکار دەهێندرێت. ئەم بیر و ڕایە فارسی-عەرەبی-تورکیە دژ بە کوردەکان، تا ئەو کاتە کە لە چوارچێوەیکی کولونیالیسمی دەرەوەیی بێت، بۆی هەیە کە هەبێت و تەنانەت لە بازە وەختێکدا بە کەڵکیشە. چوونکینە ئەم جۆرە ڕوانگانە لە "ئەوانیدیکەوە"- تەنانەت ئەگەر نێگەتیڤیش بن – تایبەتمەندێکی و جیاوازێک دەبەخشنە "من" و جوورێک بە ڕەسمیەت ناسینی منە. تەنانەت ئەگەر ئەوانیدیکەی فارسی و عەرەبی و تورکی نەبن، منی کوردیش پەیدا نابێت و مانای نییە. بەڵام ئەو ڕوانگەی کولونیالیسمی دەرەوەیی کاتێک دەبێت بە مەترسی کە ببێتە بە ڕوانگەیەکی کولونیالیسمی ژوورەوە، ئەو کاتەیە کە "منی" کوردی دەکەوێتە نێو قەفەسێکی ئاسنی فارسی – عەرەبی – تورکی. (سیوەیلی ٢٠٠٣) ئەو «شتەی» کە لە ناو ئەم قەفەسە دێتە دەر، یا خۆ پەیوەندێکی بە من نەماوە، یا خۆ پەیوەندێکی یەکجار کەمی بەمنەوە ماوە و دەبێتە ئاڵەتێک بەدەستی ئەوانیدیکەوە، یا خۆ دەبێتە ئەوانیدیکە. مرۆڤانیکی نەزان و شەیتانی وەکوو کورد کە بە درێژایی مێژوو لە گوند و چۆلگە ژیانیان بردۆتە سەر و ناسنامەی وان هەمیشە لەگەڵ وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی دیتە ناساندن؛ بە«تەنیایی» شارەزایەتی و ئەزموون وحەقی ئەوەیان نییە کە وەکوو نەتەوە – حکومەتێک لە عۆرفی نێو نەتەوەییدا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست – ئەو جێگایە موقەدەسە – بێنە ناساندن. ئەگەر ناسنامەی کوردەکان لە مێژوی کولتوری ئیسلامیدا و لە پرۆسەیەکی زەمانی و مونەزەم، کە پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەڵ سەنتەری هێز، لە ڕوانگەیەکی کولونیالیسمی دەرەوە وەکوو فارسەکانی دەشت و کێو، عەرەبەکانی سەحرا و تورکەکانی کێو هاتە ناساندن؛ و وێرای ئێرانی بوون ڕەچەڵی فارسی، و ویرای ئیسلامی بوون ڕەچەڵی عەرەبی وتورکی بۆ ئەوان داندرا؛ ئەمرۆش بە هەمان شێوە و لە هەمان ڕوانگەی کولونیالیسمی دەرەوە ناسنامەی کوردەکان لە مێژوی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی نۆێدا دەیهەوێ لەگەڵ نازناوانێکی وەکوو کوردی ئێران، کوردی تورکیە، کوردی سوریە و کوردی عێراق بێتە ناساندن. بەڵام ئەوەی جێگای مەترسیە ئەوەیە کە، بە هەمان شێوە کە ڕوانگەی کولونیالیسمی دەرەوە توانی کە لە مێژوودا و لە نێو نووسەران و دەسەڵاتدارانی کورد کاریگەری بکات و ببێت بە ڕوانگەیەکی کولونیالیسمی ژوورەوە، ئەمرۆش هەر ئەم مەترسییە هەیە کە "ئەیبوبیانی نۆێ» ناسنامەی کوردی لە قاڵب و شکلی وشەی کوردستاندا لەگەڵ نازناوێکی کولونیالی دیاری بکەن. ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە بە تەواوی ئەو قۆدسییەتە مەکانییەی کە لە مێژوودا هەیەتی و بە زانین و تێگەیشتووی و زمانی شارستانیەتی فارسی و عەرەبی و تورکی نەیتوانیوە کەمترین پلە و پایەی ماڤی مرۆڤ و دێموکراسی ڕاستەقینە بە دیاری بێنێت، بو ئەو ئیشە نیازی بە زمانێکی جیاواز هەیە، زمانی شەیتانی و نەزانی و گوندی کوردی.

**تێبینی**

بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە وێنەی کوردەکان لە کولتورەکانی دنیای ئیسلام و دنیای ئیسلام کرابوو، بڕوانە:

.Alakom 2010. مالمیر ۱۳۸۷, ۱۶۱ – ۱۷۴؛ الخلیل ۲۰۱۲؛ سیوەیلی ۲۰۰۳؛ پۆلادیان ۲۰۰۰.

## ٥. سەرچاوەکان؛

### ا: کوردی، فارسی و عەرەبی:


ابن حوقل. (۱۳۴۵) صوره الأرض. ترجمه جعفر شعار. ۱. تهران: بنیاد فرهنگ ایران.

الاصبهانی، الراغب. (۱۹۷۰). محاضرات الأدباء ومحاورات الشعراء. د. م: د. ن.

آکوپف، هاکوپیان. (۱۳۷۶). کردان گوران ومسأله کرد در ترکیه. ترجمه سیروس ایزدی. ۱. تهران: هیرمند.

الآلوسی. (۱۹۷۸). روح المعانی فی تفسیر القرآن العظیم وسبع المثانی، بیروت: دار الفکر.

بن علی سهلگی، محمد. (۱۳۸۴). دفتر روشنائی. ترجمه محمد رضا شفیعی کدکنی. ۱. تهران: سخن.

پۆلادیان، ئارشاك. (۲۰۰۰). کورد لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا. وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد صاڵح. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

الجاحظ. (۱۹۷۹). رسائل الجاحظ. تحقیق عبد السلام هارون. ۱. القاهره: مکتبه الخانجی.

جامی، نور الدین عبد الرحمن. (۱۳۷۰). نفحات الأنس من حضرات القدس. تصحیح محمود عابدی. ۱. تهران: اطلاعات.

الحموی، یاقوت. (۱۹۹۰). معجم البلدان. تحقیق فرید عبد العزیز الجندی. ۱. بیروت: دار الکتب العلمیه.

الخلیل، احمد محمود. (۲۰۱۲) صوره الکرد فی مصادر التراث الاسلامی. ۱. اربیل: اراس.

الزبیدی. (۱۳۰۶). تاج العروس من جواهر القاموس. القاهره: المطبعه الخیریه.

سافراستیان، أرشاك. (۲۰۰۷). الکرد والکردستان. ترجمه أحمد محمود الخلیل. بیروت: دار هیرو.

سیوەیلی،ڕێبوار. (۲۰۰۳). قەفەسی ئاسنین. ۱. سلێمانی:ڕەنج.

الطبری. (۱۹۶۷). تاریخ الطبری (تاریخ الرسل والملوك). تحقیق: محمد إبراهیم. القاهره: دار المعارف.

عوفی، محمد. (۱۳۶۲). جوامع الحکایات ولوامع الروایات. ۱. تهران: موسسه مطالعات وتحقیقات فرهنگی.

غلامی، اباذر. (۱۳۸۵). واژه ی کرد در فرهنگ گیلان. چیستا، (۲۲۸ – ۲۲۹)، ۵۹۵ – ۶۰۳.

فردوسی، ابو القاسم. شاهنامه. ۱. تهران: هرمس.

گنجه ای، نظامی. (۱۳۶۳). لیلی ومجنون، سبعه ی حکیم نظامی گنجه ای. تصحیح وحید دستگردی. ۲. تهران: انتشارات علمی.

مالمیر، تیمور. (۱۳۸۷). کرد در شاهنامه. مجله‌ی مطالعات ایرانی. کرمان: دانشکده‌ی ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه شهید باهنر کرمان. سال ۷، شماره ۱۴. ۱۶۱ – ۱۷۴.

المسعودی. (۱۹۷۳). مروج الذهب ومعادن الجوهر. تحقیق محمد محیی الدین عبد الحمید. ۵. بیروت: دار الفکر.

مولوی، جلال الدین. (۱۳۶۸). مثنوی معنوی. به اهتمام نیکلسون. ۱. تهران: مولی.

مینورسکی، ولادیمیر. (۱۳۸۲). کردها نوادگان مادها. تر: جلال جلالی زاده؛ جاماسب کردستانی. ژیار.

نفیسی، سعید. (۱۳۶۱). تاریخ اجتماعی وسیاسی ایران در دوره معاصر. ۴. تهران: بنیاد.

. ب: سەرچاوەتورکییەکان و ئینگلیسیەکان:

Alakom, Rohat. (2010). *Türk Edebiyatında Kürtler*. 3. İstanbull: Avesta.

Damrosch, David. (2006). Rebirth of a Discipline: The Global Origins of Comparative Studies. *Comparative Critical Studies*. Pp 99-112.

Fahr, Bekir. (1985). *Jönler*. İletişim Yayınları.

Kemal, Namık. (1963). *Cezmi*. İnkılap ve Aka Kitapevleri.

Kemal, Yaşar. (2002). *Karıncanın Su içtiği*. Adam Yayınları.

Melas, Natalie. (2007). *All the deference in the World: postcoloniality and the ends of comparison*. Stanford: Stanford University Press.

Pizer, John. (2007). Toward a Productive interdisciplinary Relations: Between Comparative Literature and World Literature. *The Comparatist*. University of North Carolina, 31 / May. Pp. 6-28.

Spivak, Gayatri. (2003). *Death of a Discipline*. New York: Columbia University Press.

Şahin, Osman. (1984). *Özlü Hamurlar: Ağız İçinde Dil Gibi*.

Tahir, Kemal. (1982). *Bir Mülkiyet Kalesi*. Tekin Yayınevi.

Ünal, Şemsettin. (1986). *Yukarışehir*, Remzi Kitabevi.

Varsava, Jerry. (2007). Comparative Literature without Borders. *Symploke*. University of Nebraska, 15 / 1-2. Pp. 331-340.

**Extended Abstract**

Kurdish people have been described in mainstream Turkish culture as the "other", which stands in opposition to the Turkish "ego". Turkish culture has distorted the Kurdish image throughout history, and we see that process of distortion in Turkish proverbs, literature, art, cinema, etc. This distortion often pictures Kurds as peasants, fools, thieves, miscreant, barbaric, devilish, hillbillies and so on. From an extra-Turkish perspective, this article connects the process of distortion of the Kurdish Image in Turkish culture to the distortion of the Kurdish image in Persian and Arab cultures. It traces the transference of negative images from Persian culture to Arab culture, and finally to Turkish culture, as a legacy of the transference of power from the Persians to the Arabs and then the Turks. From an internal-Turkish perspective, the article also attributes a major share of the process of distorting the image of Kurds in Turkish culture to the political and military reports that were sent out to the Tiles of the Ottomans by Turkish military and administrative personnel present in the Kurdish areas.

In the first part of this article, we study the terminology of the word "Kurd" in Persian classic culture. There are two major perspectives regarding the word "Kurd" according to first-hand Persian texts such as the poems of Ferdowsī, Nezāmī-i Ganjavī, and Jalāl al-Din-i Rūmī. The majority of Persian scholars concur that the word "Kurd" is equivalent to words such as "occupation" and "profession" and has the same meaning as "barbarian" and "hillbilly" for both Kurdish and non-Kurdish people, but is not synonymous with Kurdish nation and ethnicity. These scholars refer to

geographical dispersion of Kurds from the north to the south and the west to the east of Iran to substantiate their claims. On the contrary, most Kurdish scholars interpret this dispersion based on historical evidence, and they consider the word “Kurd” to have a national and ethnic connotation. In this section, we compare both abovementioned concepts and simultaneously study the image of Kurds in Persian culture. The most prevalent image of the Kurds in Persian terminology is classified in three major parts: uncivilized and barbarian, imbecile and fool, and finally, impious and magus (majūsī).

In the second part of the article, we study the image of Kurds in Arab culture, beginning with the demise of the Sassanid dynasty and advent of Islam transferred by Yemenite and Ḥīraite schools to Arab society, especially in the first and second century A. H. In this transference, we focus on the relationship and replacement of the word “Kurd” with the word “Mād” (Median).

In the third part of this article, we study the broad image of Kurds in Turkish culture, particularly how its grim legacy was transferred from Persian and Arabic cultures to Turkish culture during the transmission of power from the Arabs to the Turks.

In the last part of the article, we propose two interpretations about the Kurd’s image in Turkish culture that confirm the different shades of opinion towards Kurds. In the first part, we study the mere Kurdish-Turkish interpretation of the Kurd’s image in Turkish culture. We hereby reiterate the fact that the major part of that unreal, grim, and negative image of Kurds in Turkish culture has been handed over and distorted from Persian and Arab cultures into Turkish culture. This interpretation helps Turks and Kurds to arrive to the point of “zero problems with internal neighbors” that should be before of external neighbors.

In the second part, we explain the Kurdish-Islamic interpretation / perception of this image and confirm that the Persian, Arab, and Turkish cultures are similar and work together to coordinate a policy of disseminating a grim image of Kurds throughout history. In this section, based on an extra-colonialist concept, we try to explain how the Persian, Arab, and Turkish cultures make a force creolisation against the Kurds during the history by creating for them Persian identity under the overlap of Iranian, and Arab and Turkish identity under the overlap of Islam.

As we can see, extra-colonialism in the ancient periods became a reactionary internal-colonialism, for example in the ’Ayyūbyān dynasty. Today also there is the threat of a new extra and internal colonialism against Kurds. From a post-colonial view, the article concludes with the necessity of the presence of Kurds as a distinct, meaningful and individual entity in the Middle East.